وەزیری دەرەوەی ئێران گەیشتە بەغدا و لێگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق کۆدەبێتەوە

بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە (13ـی حوزەیرانی 2024)، عەلی باقری وەزیری دەرەوەی ئێران بەوکالەت بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغداو بەیارەی باقری لێگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق پرسی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ بکات و یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکان باسی رێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێرانە، سەبارەت بە چەک داماڵین و ڕاگریکردن لە چاالکییەکان لە حزبەکانی ڕۆژهەاڵتی کوردستان.

سەبینە هەینی، عەلی باقری سەردانی هەولێر دەکات و لێگەڵ مەسعود بارزانی، سەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی سەرکی (ماوەی بە درێژکراو)ی هەرێم و مەسرور بارزانی، سەرکی (ماوەی بە درێژکراو)ی حکومەتی هەرێم کۆدەبێتەوە دواتر دێگاتە سلێمانی و لێگەڵ بافڵ تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆدەبێتەوە.